# شەهیدانی ڕێکخراوەی "فیدائیانی خەڵق"(پاشان "ئەکسەرییەت")

# لە بۆکان

## (بەشی پێنجەم)

**١٤. هاوڕێ تەها پارسا.**

کاک تەها نموونەیەک بوو لە پاکی و مرۆڤایەتی. دەبێ ئەم چەرخە چەوتە چەندە بسووڕێت تا دایکی نیشتمان کەسێکی دیکەی وەک تەها پەروەردە بکات؟ خەڵکی قەڵای ڕەسووڵەسیتی سەرچۆمی مەجیدخان بوو. لیسانسی زمانی ئینگلیزیی لە زانکۆی تەورێز وەرگرتبوو و لە پۆلی دووهەمی قوتابخانەکانی بۆکان دەرسی زمانی ئینگلیزی دەگوتەوە. هەرکات دەهاتە دەفتەری ڕێکخراوەکە بە بێ فیزیی دەچوو لە بەر دەرگا پاسەوانیی دەدا. لە میهرەبانی و خۆش زمانیدا نموونەی هەر خۆی بوو و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگر هەموو ئەوپەڕی خۆشەویستی و ئیحتیرامیان بۆی هەبوو.

لە کاتی داخرانی دەفتەری ئەکسەرییەت لە بۆکان و ڕۆیشتنی بەرپرسان بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەو لە بۆکان مایەوە، پاشان ماڵی بردە مەهاباد و وەک بەرپرسی ڕێکخراوەی بۆکانی ئەکسەرییەت، لەوێ دەژیا، هەتا دەستێکی چەپەڵ- بەداخەوە کوردێک، لە شاری مەهاباد بە دەمانچە هێرشی کردە سەری و ئەو دڵەی وا بە خزمەتکردنی گەل گەرم بوو سارد کردەوە. جەهل و دەمارگیریی و حزب حزبێن زیانی زۆری لە گەلەکەمان و یەکپارچەیی ڕیزەکانی دا، ئەوەش زیانێک و خەسارێک و برینێکی خۆشەوە نەبووی دیکە.

لەمەڕ پەیوەندی سیاسیی بکوژی کاک تەها سێ ڕیوایەتم بیستووە لەبەر ئەوەی لێرە لە دوورە ووڵاتی و بێ هەواڵیدا ناتوانم هیچکامیان بە دڵنیایی ساغ بکەمەوە، لێیان بێدەنگ دەبم. بەڵام هەرسێ ڕیوایەتەکە باس لە پەیوەندی بکوژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئوپۆزیسیۆنی ڕژیم لە کوردستان دەکەن و ئەوەش جێگەی داخە. تەها پەپوولەیەکی مەعسووم بوو، نە دەوری لە دانانی سیاسەتی ئەکسەرییەت دا هەبوو و نە لایەنگری وەرچەرخانی سیاسەتەکانی بوو، هەر بۆیەش دەردی شەهید بوونی گەلێک گرانە و من هەرچی دەکەم ناتوانم بزانم بۆچی ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە کوردستان دەبێ ئەندام یا لایەنگرێکی خۆی ناردبێت جینایەتێکی وا گەورە بکات. هەر لە سەردەمی کووژرانی تەهادا، زورێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەکسەرییەت لە کوردستان دژ بە سیاسەتی داسەپاوی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ڕێکخراوەکە وەستابوون، بەڵام چ دەکرا و بەکووژرانی تەهای مەعسووم چ دەگۆڕا؟

من لە سەر ئەو خاڵە ئیستێک دەگرم: ڕێگای خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی خاکەکەمان گەلێک دوور ودرێژە و ئاسۆی ڕووناک زۆر نزیک نییە. ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد کە هەموو یا

زوربەیان لە دەرەوەی وولاتن، ناکۆکی زۆریان لەنێودایە و ئەو ناکۆکییانە هەندێک جار گەیشتۆتە قۆناغی توندوتیژی دژ بە یەکتریش. دوژمن واتە ڕژیمی گەندەڵی ئیسلامی و ئیتیلاعاتی سوپاش ئاگری ئەو دوژمنایەتی و دووبەرەکییە خۆش دەکات و لە ڕێگەی هەندێک جاش و خۆفرۆشی وەک قانعی فەردەوە یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەل لاواز دەکات و هەوڵی سووکایەتی کردن بە لایەنێک و هاندانی لایەنەکەی تر دژ بەو دەدات بۆ ئەوەی بیانگەیێنێتە ئاکامی پێکدادان و شەڕی براکوژی. ئەگەر ڕێبەرانی سیاسی کورد وریا و وشیار نەبن و ئەو ڕۆحە چەپەڵ و غەیرە شۆڕشگێرانەیە بەردەوام بمێنێت، لە دوارۆژی گەڕانەوەی هێزەکان بۆ ناوخۆی ولات، دوژمن و داگیرکەر لەبیر دەچنەوە و شەڕی کورد وکورد دەست پێدەکات.

چارەی سەرەکی بۆ بەرگری لەو ڕۆژە ڕەشە ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ لایەنیتر، هێڵی سووریان هەبێت و کەس نەتوانێت ئەو هێڵە تێپەڕ بکات، هێڵی سووریش دەبێ شەڕی کورد لەگەڵ کورد و کووژرانی کورد بە دەستی کورد بێت. بە بێ ڕوانگەیەکی ئەوتۆ، لە بارودۆخی بەربلاویی ڕیزەکانی گەلی کورد دا، ئاکاری چەپەڵی وەک تیرۆری کاک تەها و کاک ڕەزا پیرانی دووپات دەبێتەوە و گەل لە ڕێبازی ڕاستی خەبات چەواشە دەکرێت، ئەوەش هیچ ناوێکی لەسەر دانانرێت جگە لە خەیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جا هەرکەس و هەر لایەنێک بیکات.

برادەرێکم سەبارەت بە هاوڕێ تەها دەنووسێت:

*" کوشتنی کاک تەها کوشتنی موحەببەت و ئینسانییەت بوو."*

د. کامران ئەمین ئاوە لە پەراوێزی وتارێکدا کە ساڵی ٢٠١٠بە زمانی فارسی لە ماڵپەڕی "اخبار روز" دا بلاو کراوەتەوە، سەبارەت بە تەهای نەمر ئەم دێرانەی نووسیوە، کە من کردوومەتە کوردی:

*"نەمر تەها پارسا یەک لە کادیرە خاوەن ئەزموونەکانی بزووتنەوەی چەپ و ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق ـ ئەکسەرییەت بوو، کە دوابەدوای گۆڕانی هەڵوێستی ڕێکخراوەکە لە ڕۆژی چوارەمی مانگی جۆزەردانی ١٣٦١ دا لە شاری مەهاباد بە دەست کەسانێکی نەناسراو تیرۆر کرا. لە بنەماڵەیەکی وەرزێری لە گوندی قەڵای ڕەسووڵەسیت"ی ئەختاچی، لە ٤٥ کیلۆمەتریی باکووری بۆکان هاتە جیهان. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی و ناوەندی لە شاری میاندواو کۆتایی پێ هێنا. لە ساڵی ١٣٥٠ زبان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانستگەی تەوریز خوێند و لە ساڵی ١٣٥٣ دا بە هۆی هاوکاری کردنی گرووپی سیاسی "ئارمان خەلق" گیرا و لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٥ دا ئازاد کرا، ئینجا گەڕایەوە بۆکان. کاک تەها هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران لە "مەدرەسەی ڕاهنمایی خاقانی" خەریکی کار و گوتنەوەی دەرسی زمانی ئینگلیزی بوو. لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا چالاکانە بەشداری کرد و دوای سەرکەوتنی شۆڕش چووە ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی خەلقی ئێران. تاکاتی تیرۆری ناجوانمێرانەی لە مەهاباد، واتە تا ڕۆژێک دوای فەتحی خورڕەمشەهر، یەک لە کادیرانی چالاک و خۆشەویستی ڕێکخراوەی فیدائیان و خەڵکی بۆکان بوو."*

یادی تەهای خۆشەویستی هەمووان بەخێر بێت!

## ١٥. هاوڕێ ابراهیم لطف الله زاده(ڕەفیق سەعید)

هاوڕێیەکی ئازەربایجانی خەڵکی شاری خۆی، لە هاوڕێیانی کۆنی ڕێکخراوەی چریکە فیدائیەکان بوو، کە لە فەلەستین ڕاهێنانی سوپاییان کردبوو. ماوەیەک دوای شەهید بوونی هاوڕێ یەعقووب تەقدیری (ئەمیر)، نێررایە بوکان و کرایە بەرپرسی سوپایی دەفتەری فیدائیان لە شارەکە.

لەماوەی ژیانی بۆکان و دەفتەری ڕێکخراوەکەماندا، هاوڕێ سەعید جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی هەمووومان بوو و بە هێدی و هێمنی و بێدەنگی و قەناعەت، بەڵام سووربوون لەسەر باوەڕ و ڕێبازی سیاسی ناوی دەرکردبوو. تا کۆتایی کاری دەفتەری بۆکان ئەرکی خۆی بە باشی بەڕێوە برد و دوای ئاش بەتاڵ و ڕۆیشتنی کادیر و ئەندام بۆ شارەکانی دیکەی ئێران، هاوڕێ سەعیدیش چوو بۆتاران.

کاک سیامەک بۆکان لە بەشی پێشتری ئەم یادداشتانە (ژمارە ١٣) دا، کاتێ لە هاوڕێ سەلیم و چەکی دەستی دەدوێت، ئاماژە بە پەیوەندی نزیک و هاوڕێیانەی سەعیدی نەمر لەگەڵ پێشمەرگەکانی بنکەش دەکات و من خۆم شاهیدی ئەو پەیوەندە گەرم وگوڕ و هاوڕێیانەیەی سەعید لەگەڵ پێشمەرگەکان بووم.

خەسلەتە ئینسانییەکانی سەعید بەسەر گەلێک کێشە و جیاوازیدا زاڵ ببوو کە بە نەبوونی ئەو خەسلەتانە دەیانتوانی کێشە و گرفت بخوڵقێنن. سەعید مامۆستای خووخدەی مرۆڤانە بوو و داخ و حەسرەت کە ڕژیمی دژی خەڵکی مەلاکان ئەو دەستە گوڵەی لێ سەندین.

هاوڕێ سەعید لە ساڵی 1361 دا لەگەڵ شەهیدان مینەی شێرخانی و جەواد لە دەرەوەی شاری ورمێ گیرا و دوای مانگێک دوان لە زیندانی ورمێوە نێررایە زیندانەکانی تاران و لە زیندانی ئێڤین بەدەستی مرۆڤکوژانی وەک لاجوەردی ئیعدام کرا.

هاوڕێ سەعید لەزینداندا ڕووسوور مایەوە و نهێنییەکانی خەڵکی بە دژی خەڵک نەگوت.

بۆ زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی گیرانی هاوڕێیان سەعید و مینە و جەواد، بڕوانە بەشی ژیننامەی کاک مینەی شێرخانی لە ژمارەی دواتر(بەشی ٣١١، ژمارە ١٧) دا.

یادی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە "سەعید" بەخێر بێت!

## ١٦. هاوڕێ سەعید یەزدان پەنا

لەبەشی رابردوو، ژمارە ١٢ دا چەند دێڕێکم سەبارەت بە نەمر ڕەشید یەزدان پەنا (سمکۆ) نووسی و حەسرەتی ئەوەم خوارد کە زانیارییەکی ئەوتۆم سەبارەت بە ژیانی نییە. دیارە دەزانم هاوڕێ سمکۆ لەگەڵ باڵێ ئەقەلییەت بوو و هەر چالاکییەکی دوابەدوای دووفاقە بوونی ڕێکخراوەکە کردبێت، لەچوارچێوەی سیاسەت و کاری ئەواندا سەیر بکرێت، ئەم یادداشتانەش بۆ بەرپەرچی دانەوەی ئەو ڕاستییە نین بەڵکوو بۆ یادکردنەوەیەکن لەو وەک خەباتکارێک کە لە پەیوەندی فیدائیاندا بووە.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیەکی هاوچەشن بە نەمر سەعید یەزدان پەنا بکەم کە براچکۆلەی کاک ڕەشید و درێژەدەری ڕێگای خەباتی ئەو بوو. کاک سەعیدیش لەگەڵ ئەکسەرییەت نەبوو و لەگەڵ باڵێکی

ڕێکخراوەی فیدائیان کەوتبوو کە ناوی "پیروان هویت" بوو و لە لایەن "میهدی سامیع" ی خەڵکی ئیسفەهانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا.

ئەوەندەی بزانم کاک سەعید کەسایەتی دووهەمی ڕێکخراوەکە بوو و دواتر ڕێبازی خۆی لەوان جیا کردەوە و بەرەو کوردایەتی کشاو لە ئەنجامدا بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکی کوردپەروەر "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان" ی بنیات نا کە ئێستاش هەر هەیە بەڵام بەداخەوە بۆتە قوربانی هەندێک کێشە ولە ئەنجامدا دووفاقە بووە، هەردوو لقەکانیش لەلایەن دووبرای کاک سەعیدەوە ڕێبەرایەتی دەکرێن.

دوێنی برادەرێکی خۆشەویست بابەتێکی بەکاکڵی بۆ ناردم کە کاک ڕەحمان نەقشی سەبارەت بە شەهیدانی کوردستانی نووسیوە و لەوێ لە لاپەڕە ١٩ و ٢٠ دا کورتەیەک لە ژیانی شەهید سەعیدیش ڕاگەیێنراوە. بە سپاسی زۆری کاک ڕەحمانی نەقشییەوە ئەو نووسراوەیە لە درێژەی هەر ئەم وتارەدا دەهێنم.

بە داخەوە کاک سەعیدی شۆڕشگێڕ دوای دامەزراندنی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان" و هەڵوێست گرتن دژ بە کۆماری ئیسلامی، بە دەست بەکرێگیراوێکی ڕژیمی مەلاکان لە شاری سلێمانی تیرۆر کرا.

یادی بەخێر بێت!

ئەوەش وتارەکەی کاک ڕەحمان نەقشی:

**درێژەی هەیە**





بەرپا کرد و لە وتارێکدا پیرۆزباییان لە جەماوری خەڵک کرد .
کاک فوئاد لەو یازدە مانگەی دوای زینداندا، هەموو توانا و کاتی خۆی بۆ خەباتێکی لێبڕاوانە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ژێردەستە و چەوساوەدا لە کوردستان تەرخان کردبوو. لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا، یانی لە بیست و سێهەمی مانگی پووشپەڕەوە هەتا نۆی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨، بە ڕێبەریی کاک فوئاد ژمارە یەک لە هەستیارترین، بەناوبانگترین و گەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کۆمەڵە و خەباتی سیاسیی کوردستان و ئێران هاتنە ئاراوە.





کۆچی خەڵکی مەریوان، ڕێپێوانی حەماسی وگەورەی گەنجانی کچ و کوڕی سنە بەرەو مەریوان، گفتوگۆی ڕاستەخۆ لە گەڵ دوژمن، سەرکەوتنی کۆچ، ڕێپێوانی گەنجانی سەقز، بانە، بۆکان و سابڵاغ بەرەو مەریوان و پاشەکشەی سیاسیی هێزی کۆنەپەرستی لە کوردستان، پێکهاتنی شوورای مەریوان و ... چەند نموونەی خەبات و ڕووداوە سیاسییەکان بە ڕێبەریی کاک فوئاد بوون. بە بۆنەی دەوری بەرچاوی کاک فوئادەوە بوو کە ئەوکات دەگوترا:
مەریوان مەریوان، سەنگەری ئازادەگان!
بە ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان، قۆناغێکی دیکەی خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان دەستی پێکرد. لە بەرانبەر لەشکرهێنانی حکوومەت و بۆمبارانکردنی شارەکان و گولله باران کردنی بەکۆمەڵی تێکۆشەراندا، شەپۆلێکی بەرینی خۆڕاگریی چەکدارانە لە کوردستان کەوتەڕێ. کاک فوئاد لە ڕابەریکردنی ئەو خۆڕاگرییەدا دەورێکی گەورەی بوو.
کاک فوئاد پێش بیستنی هەواڵی تیرە بارانکردنی نۆ گیانبەختکردووی مەریوان، کە دووانیان کاک حسین و کاک ئەمین برای بوون، لە شاری بانە بوو. لە بانە لە گەڵ هاوڕێیانی کۆمەلە لە چەند کۆبوونەوە و دیدار لە گەڵ بەڕێزان مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسێنی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، مام جەلال، شێخ جەلال حوسێنی، نوێنەرانی سازمانی چریکەکان و نوێنەرانی پەیکار بەشداریی کرد و پاشان بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە بەرەو مەریوان گەڕایەوە.
پاش وتووێژ و ڕێکخستنەوەی کۆمەلە لە مەریوان، دیسانەوە بەرە و بانە گەڕایەوە .
لە گەڕانەوە بۆ بانە، لە شەڕێکدا کە لەوە دەچوو بە پیلانێک لە دژی کاک فوئاد داڕێژرابێ، لە گەڵ بەڕێز "تەهموورس ئەکبەری" نوێنەری سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران ڕۆژی نۆی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (هاوینی ١٩٧٩) لە نزیک ئاوایی "بەسام" گیانی بەخت کرد.
خەڵکی ناوچەکە، تەرمی کاک فوئادیان بۆ مزگەوتی "جامیعە"ی مەریوان، هێنایەوە. خەڵکی مەریوان خێرا بەرەو مزگەوت ڕێ کەوتن و دوایین ماڵاوییان لە کاک فوئاد کرد. هەر شەش ڕۆژ لە گیانبەختکردنی کاک ئەمین و کاک حسین تێپەڕ بووبوو کە تەرمی کاک فوئادیش لە گۆڕستانی "تاڵەسوار" لە ئاوایی "ئاڵمانە" ئەسپەردە کرا.
سەرچاوە : ماڵپەری کاک فواد

================================================================================

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید سەعید یەزدانپەنا [ ١٩٩١ – ١٩٦٣ ]

لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی لەگوندی"سەقزلو"ی سەربەناوچەی فەیزۆڵابەگی، لەناو بنەماڵەیکی خاوەن رابردوویەکی شۆڕشگێڕانە و کورد پەروەرو مرۆڤ دۆستی بەگزادەکانی فەیزۆڵابەگی چاوی بەدونیای پڕ لەئازاری نەتەوەکەی پشکۆت.





ئەو کاتەی کە کاک سەعید تەمەنی گەیشتەئەو تەمەنەی کە بچێتە قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ کاک رەشیدی برا گەورەی کەدواتریش کاک رەشید رۆڵی بەر چاوی هەبوو لەهاندانی کاک سەعید بۆ چوونەناو رێزی خەبات و بەرخۆدان. پێکەوە لە قوتابخانەی"خاقانی" لەشاری بۆکان خوێندنی سەرەتایی خۆی دەست پێکرد، ژیری و هوشمەندی کاک سەعید لەو تەمەنەکەمە دا هەر لەسەرەتاوە سەرنجی ماموستایانی راکێشابوو، بەچەشنێک کەزۆربەی ئەو ماموستایانە لە گەڵ باوکی کاک سەعید پێوەندییان دەکرد و باسی تایبەتمەندییەکان و وشیارییەکانی کاک سەعیدیان بۆ بنەماڵەکەی کاک سەعید دەگێڕایەوە، دەیان وت سەعید قوتابیکی بێ وێنەیە و ئاستی وشیاری لە چاو هاوپولەکانی زۆر بەرزترە و بەباوکی کاک سەعیدیان دەوت کە تکایە ئاگاتان لەو کوڕە بێت ئەوەدوا رۆژێکی گەشی هەیە.
کاک سەعید لە بۆکان درێژەی بەخوێندن دا، تا ساڵی ١٩٧٩ کە لە ئێران و کوردستانی داگیرکراو دا ئاڵوگوڕی سیاسی بەهێز سەری هەڵداو کاک سەعید هەر لەسەرەتای بەشداریەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپێشاندانەکانی کۆتایی ٧٠ کانی زایینی کە بۆ رۆخانی حوکمی پاشایەتی لەئێران دەستی پێکردە بوو چالاکانە بەشداری دەکرد. کاک سەعید هەر لەسەرەتاوە لە گەڵ کاک رەشیدی براگەورەی و زۆر لاوی دیکەی شاری بۆکان بەدوو هۆکار چوونە ناو ریزەکانی رێکخراوی چریکەفیدایەکانی خەڵکی ئێران، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە ئەوسا بیری چەپی و مارکسی باڵی بەسەر زۆربەی لاوانی ئازادیخوازی جیهان دا

کێشابوو.دووهەم، بەهۆی ئەوەی کەئەو ڕێکخراوە باوەڕی بەمافی چارەنووسی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران هەبوو. لەپاش ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی و ڕزگاری بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چەند ساڵێک، کاک سەعید وێڕای درێژە دان بەخوێندن، بەردەوامیش بوو لەچالاکییەسیاسیەکانی لەناو ڕیزەکانی ڕێکخراوی چریکەفیدائییەکانی خەڵکی ئێران، کاک سەعید لەتەمەنی ١٥ساڵی دا بوو بەبەرپرسی پێشگامی ئەو ڕێکخراوەیەلە شاری بۆکان و بەرپرسیارییەتی پێگەیاندنی دەیان لاوی ئەو شارەی وەئەستوو گرت.حکومەتی تازەپێگەیشتووی ئێران لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتاوە بە فتوای خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، زۆر زوو هێرشیان بۆ سەر شارو شارەچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد و خەڵکی کوردستانیش بێ دەنگ رانەوەستان و لاوانی فیداکاری کورد بۆ بەرەنگاری هێرشی پاسدارانی ڕژێمی ئێران لەناو حیزب و ڕێکخراوەسیاسییەکانی ئەوسادا خۆیان ڕێک خستبوو، بەئیرادەیکی پۆلاینەوە بە کەمترین ئیمکاناتی چەک و چۆڵی بەرەنگاری هێرشی پاسداران دەبوو. کاک سەعید لەو تەمەنەدا شان بەشانی کاک ڕەشیدی برای و هاوڕێ لاوەکانی بەشکڵی جۆراوجۆر بەربەرەکانی هێزی دوژمنیان دەکرد، هەر لەو دەورانە دا بوو کەناوی ڕەشید و سەعیدی لاو بۆ زۆربەی خەڵکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز، سنەو کامیاران ئاشنا بوو.





ساڵ لە دوای ساڵ کاک سەعید لە بواری فیکری وسیاسییەوە ئاستی بەرز و بەرزتر دەبوو، و بەحەق هەروەک ماموستاکانی لەقوتابخانەی سەرەتایی دا وتبوویان، ئاسوویەکی گەشی دەبێ.

بەڵام بەداخەوە کاک سەعید لەتەمەنێکی کەمدا، لەو ساڵانەی کەبوو پاراستنی شارو گوندی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەوپەڕی خۆنەویستییەوە بەرەنگاری هێزی دوژمن دەبوون، کاک سەعید شۆڕشگێڕ و فیدای، زوربەی هاوسەنگەرەکانی، ئەوانەی کە زۆر لێ نزیک بوون لەشەڕی قارەمانانە دا، گیانیان بەختی ئازادی و دێموکراسی و گەیشتن بە مافی دیاری کردنی چارەنووس کرد کەلەریزی ئەو خۆبەختکەرانە دا، کاک ڕەشید براگەورە و ماموستای، لەدەست داو کاک ڕەشید یەزدانپەنا لەخەرمانانی ١٩٨٢ی زاینی لەشەڕێکی قارەمانە دا لەشاری بۆکان شەهید بوو. نەمانی کاک ڕەشید کاریگەریکی قوڵی بوو لەسەر کاک سەعید.

کاک سەعید لەپاش لە دەست دانی براگەورەی و زوربەی هاوڕێیانی نزیکی، سەهلەبۆ ساتێکیش وازی لەخەبات و تێکوشانی نەهێنا بەڵکوو خوێنی براکەی و هاوڕێیانی کردە هەوێنی خۆپێگەیاندن و خۆسازدان بەرە و ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشێکی قوڵتر.

کاک سەعید وێڕای تەمەنی کەمی، تائاستێکی بەرز لەبەرپرسیاریەتی لەناو ڕێکخراوی چریکەفیدایەکانی خەڵکی ئێراندا ڕۆیشت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا،هەمیشەلە ناو کومیتەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە دا پارێزگاری لەمافەکانی نەتەوەی کورد دەکرد و بەحەقیش تاکوو ئەو ڕۆژەی کەئەو دەرەفەتە لە بارەی بۆ ڕەخسا کەڕێکخراوێکی ناسیوناڵیستی کورد دامەزرێنێ، بۆ ساتێکیش لەدیفاع لەنەتەوەی کورد لەناو ئەو ڕێکخراوە کە وێڕای باوەڕ بەمافی دیاری کردنی چارەنووس بوو، ڕانەوەستا کاک سەعید لەتەمەنی ٢١ ساڵی بەرە بەرە بیروکەی دامەزرانی ڕێکخراوێکی تەواو کوردستانی لەبیری دا گەڵاڵە کرد و ساڵ لەدوای ساڵ بۆ دەرفەتێکی لەبارلە بوسەدا بوو.

کاک سەعید وەک بەرپرسی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی چریکەفیدائییەکانی خەڵکی ئێران، کارتێکەریکی بەرچاو و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەر هەموو هاوڕێیانی، بەچەشنێک کەلەکاتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەی کەئاواتی بۆ دەخواست هەموو هاوڕێیکانی لەگەڵ کەوتن. کاک سەعید لەکۆتایی ساڵەکانی ٨٠ کانی زاینیدا بەرە بەرە هاوڕێیانی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد، لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی دا باسی لەوە دەکرد کەهیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ئێرانی، هەرچەندەش چەپ و مارکسیستی بێت، هێشتاش ناتوانێ بەدیهێنەری ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بێت، ئەو دەیوت کورد نەتەوەیکە و وڵاتەکەش داگیر کراوە، کەوا بوو دەبێ ڕێکخراوی تایبەت بەخۆی هەبێت.

کاک سەعید ئەو دەرفەتەی کەلەمێژ ساڵ بوو بیری لێ دەکردەوە لە بەهاری ١٩٩١ دا بۆ ڕەخساو لەراگەیاندراوێک لەدایکبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ڕاگەیاندو بناغەفیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی لەنامیلکەیکدا لەژێر ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان باشتر بناسین گەڵاڵە کرد و بەدامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و داهێنانی کۆمەڵێک چەمکی نوێ،گۆڕوتین وفورمێکی دیکەی لە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد خۆڵقاند.

لێهاتوویی و پێگەیشتنی فیکری وسیاسی کاک سەعید یەزدانپەنا هەر وەک چۆن سەرەنجی زۆریەک لەتاکەکانی کوردی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، هومێدی بەرێبوارانی ڕێگای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەخشیبوو، هەر واش سەرنجی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و جەلادانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕاکێشابوو، هەر بۆیەش زۆر زوو ڕژیمی ئێران کەوتە داڕشتنی پلانێک بۆ تیرۆری کاک سەعید، ڕێبەر و دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

وابوو کە بەداخەوە لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەمەرێکەوتی ٢٨ ی خەرمانانی١٣٧٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی سپتامبری ١٩٩١ی زایینی، لەشاری سلێمانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران توانیان، دڵی ئەو بیرمەندە لاوە، لەلێدان بخەن.

سەرچاوە :ماڵپەری کوردی پێدیا